


# ڕێنووس

بەدران ئەحمەد حەبیب



شارەزایانی زمانی کوردی، یان ئەو داوودەزگایانەی بەپرسگەلی زمانەوە خەریکن تا ئێستا نەیانتوانیوە لەسەر بڕیاردانی ڕێنووسێک بۆ کوردی ڕێک بکەون، یان ئەگەر ڕێکیش کەوتبن بەتەبایی بەکاری بێنن جێبەجێیان نەکردووە. ئەوەتا ئەمڕۆ لەم سەردەمە زێڕینەی بزووتنەوەی نووسینی کوردیدا، جیایی و ناتەبایی زیاتر باڵی کێشاوە. سەیری بڵاوکراوەکان بکە دەبینی کەس گوێ ناداتە ئەوەی چۆن دەنووسێ. لە کاتێکدا ڕێنووس یاسای نووسینە و ڕاست نووسینیش باڵادەستیی هەر کەسێک لەو زمانەی پێی دەنووسێ، پێشان دەدات.

لە ڕاستیدا، ڕێنووس ڕێککەوتن و تەباییە ئەگینا زمانێک نییە کێشەی ڕێنووسی نەبێ. زمانێکی وەکو ئینگلیزی کە لەسەرتاسەری دنیادا بەکاردێ و لە چەندان وڵاتی لەیەکەوە دووری وەک بەریتانیا، ئەمەریکا، ئوسترالیا و تاد... زمانی تێکڕاییە و لە تەواوی دنیادا ڕۆژانە بەهەزاران بڵاوکراوەی پێ دەنووسرێ، کێشەی ڕێنووسی نییە. کێشە هەیە، بەڵام کەس نەیکردووە بەکێشەی خۆی و هەموو کەس زمانی ئینگلیزی وەک یەک دەنووسێ. ئاشکرایە بۆ ئەوەی تۆ بە ئینگلیزی بنووسی و بخوێنی دەبێ وشە بە وشە فێر ببی، ئەگینا ڕێسایەک نییە لەسەری بڕۆی. زمانی فەرەنسیش هەر وا، یان ئاخۆ ژاپۆنی و چینی بەم هەموو ملیار مرۆڤەوە چۆن لەسەر ئەم ڕێنووسە سەمەرەیە دەڕۆن!

هەرچەندە ڕێنووسی کوردی زۆربەی کێشەکانی یەکلا بوونەتەوە، ژمارەی پیتەکانی ئەلفبێ ساغ بوونەتەوە و هەر یەکەیان شێوەیەکی گونجاوی خۆی بۆ دیاری کراوە، هەروەها سەرجەم کێشەکانی نووسینی وشە و ڕستە چەندان جار باس کراون و چارەسەری ژیرانەیان بۆ دۆزراوەتەوە، بەڵام هیوای یەکگرتنی ئەوانەی بەکوردی دەنووسن، لە ڕێنووس لە ئاسۆدا دیار نییە.

بەداخەوە بۆ نووسەری کورد، یەک سەدەی تەواوە میللەتەکەی ناڵەی دێ بەدەست نایەکبوونی ڕێنووسەوە و چ خەمیشی نییە. ئەمەش (لێم مەگرن) نابەرپرسیارەتی نیشان دەدا لە ئاستی بچووکترین پرس. زۆر نووسەر کاتێک دەستنووسی کتێبەکانیان دەهێنن بۆ دەزگای ئاراس، دەڵێن: تکایە دەستکاریی ڕێنووسەکەی مەکەن با وەک خۆی بێ.

چارەسەری ڕیشەکێش بۆ ئەم بارە ناپوختە، ڕاستکردنەوەی ڕێنووسی کتێبەکانی خوێندنە، ئەگینا دەزگاگەلی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری هیچ هیوایەکیان لێ بەدی ناکرێ. چەند جارێک سەیری کتێبەکانی قوتابخانەم کردووە، جاری وا هەبووە لە دوو دێری سەر یەکدا یەک وشە، یان چەند وشەی هاوشێوەم بە ڕێنووسی جیا بینیوە. حەیفە لە ئاست منداڵدا وا بکرێ. وەزارەتی پەروەردە دەتوانێ بەرپرسانەتر لە ئێستا هەڵسوکەوت بکا و ڕێنووسی تەواوی قۆناغەکانی خوێندن (هەر دوازدە ساڵەکە) یەک بخا. ئەمە کارێکە یەک کەس دەتوانێ ئەنجامی بدات. بەهیوای ئەوەی ڕۆژێک بێ ئێمە نەمابین و میللەتەکەمان لە ڕێنووسدا یەکی گرتبێ.